## "قاموس الاعلام"ی شمس الدینی سامی"

شمس الدینی سامی یەکەم قامووس الاعلام واتە کتێبی ناودارانی بە زمانی تورکی عوسمانی نووسیوە و بەرگی یەکەمی لە ساڵی 1889 دا لە ئەستەموڵ بڵاو کراوەتەوە. مامۆستای هێژا محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان بە کتێبەکەدا چۆتەوە و ئەو ناوانەی وا پەیوەندیان بە کورد و کوردستانەوە بووبێت، گوڵبژێر کردوون و لە ساڵی 2001 دا بە زمانی تورکی هەر لە ئەستەموڵ بڵاوی کردۆتەوە و پەراوێز و روونکردنەوەشی بۆ هەندێکیان نووسیوە. ئینجا رێزدار ئەحمەد تاقانە کتێبەکەی بوزئەرسەلانی کردۆتە کوردی و لە ساڵی 2008 دا لە هەولێر بڵاوی کردۆتەوە.

من بەشوێن دۆزینەوەی هەندێک ناودا سەیری کتێبەکەم دەکرد، کە بۆ نووسینی بابەتێکی دیکە پێویستیم پێیان بوو و بە باشم زانی لێرەشدا باسێکی لێوە بکەم. دیارە بۆکان بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەبووە و نابێ ناویشی لەوێدا هاتبێت، بەڵام لە دەور و بەری بۆکان ناوی هەندێک کەس و شوێن کراوە کە بۆ باس کردن دەبێت :

لە ماددەی "ئورمییە(ورمێ)" دا (ل 58) دەنووسێت : "لە دۆخی ئێستایدا بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردن" و لە باسی گوڵی ورمێ دا دەڵێ : "دانیشتووانی ئەو شوێنانەی لای خۆرئاوای گۆلەکە، کوردن".

هەروەها هەندێ زانیاری سەرەتایی لەمەڕ شاری شنۆ و "ساقز" و ئەردەڵان (ل 59، 61، 209) تێدایە، کە هەندێکیان زیاد کراون و وەرگێر نووسیونی. هەروەها لە لاپەڕەی 211 دا لە شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی (ل 585 - 549 ك) دواوە و نووسیویەتی لە سوهرەوەرد هاتۆتە جیهان [سووره بەردی هەوشار]، و سەلاحەددینی ئەییوبی حوکمی کووژرانی داوە و "لەسەر داوای خۆی، بێ بژێو کراوە و لەبرسان مردووە".

کتێبەکە بۆ چەسپاندنی کوردی بوونی هەندێک شوێن بۆ نموونە لە ئازەربایجان بەڵگەیەکی باشە، لەبەر ئەوەی تورک نووسیویەتی و دەستی کورد لە پێکهێنانیدا نەبووە.

محەمەدئەمین بۆزئەرسەلان، "کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپێدیای تورکی لە مێژوودا"، ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بە کوردی، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، 2008، 416 لاپەڕە، کوردی.